دامەزراوەی
ستراتیژی
نیشتمان

نیشتمان

شەن و کەو

# نزا ئەستێرە




نووسەر:
**ڤینۆس فایەق**

ئامادەکردنی:
**هۆشەنگ شێخ موحەمەد**

nishtmansi.com
@nishtmansi

تا ئەو حەلەی کە تێیدا دەنووسم، یەکەم جارە، ئەم بابەتە لە دەقی ڕۆمانێکی کورددا دەخوێنمەوە. (بابەت)ێک، کە قورسە ناوی (بابەت) لەبارەی کەسانێکەوە بکەینە ناونیشان، کە لە کوردستانی باشووردا، لەسەردەمی خەباتی نێو شارەکاندا، لەسەردەمی زیندانیکردن و شەهیدبوون و لە سێدارەداندا، بە دڕندەترین و نامرۆڤانەترین شێوەدا، بوونە قوربانی ڕژێمێکی تاوانکار وتۆتالیتار و بێناموووسدا.

ئەو ژنانەی لە سەردەمی ڕژێمی (بەعس)دا، لە نێو شاردا خەباتیان بۆ پێشمەرگە و خاک و ئازادی و شانازیدا کرد، کە گیران و لە زیندانەکاندا، لەسەر دەستی دڕندەکانی دکتاتۆردا، دوور لەهەموو بەهاو ئەخلاقێکی مرۆڤانەوە، سکپڕ کران ومنداڵیان بوو. بوونە جۆرێکی دیکەی قوربانی، جۆرێک کە نە خۆیان و نە خێزان و نە کۆمەڵ توانیان قبووڵیان بکەن و بەرگەی ئەو هێدمەیە بگرن!

مێژووی خەبات لە نێوان سەربەرزی و سەرشۆڕیدا

لەسەردەمی خەباتی ئازادی و ژیان و زیندووبووندا، ئەوە پیاوەکان بوون وەک ڕەمزی پیرۆزیی شۆڕش و قارەمانەکان تەماشا دەکران. پیاوی شۆڕشگێڕ، ئەوانەی چەکیان هەڵدەگرت، زیندان دەکران، ئازاد دەبوون، شەهید دەکران، بۆ هەمووان جێگەی شانازیی و سەرفەرازی و پاکی و شکۆ بوون.

لە نێو مێژووی ئەم خەباتەدا، ئەگەر ژنێک ناوێکی پەیدا کردبێت، ئەوا بە هۆی پیاوێکەوەیە، جا ئەو پیاوە مێرد یان باوک یا برا بووبێت. لە نێو ئەم خەباتەدا، ژنان نەبوونە ئەو مرۆڤەی لە نێویاندا کەسیی شۆڕشگێڕ و قارەمان و سەربەرز حزوور پەیدا بکات. هەموو شانازییەکە بۆ پیاوان بوو.

کە تەرمی لە سێدارە دراوی (سامان)ی شەهید دەهێننەوە، شارێک، نیشتمانێک بەتەواوی شانازی پێوە دەکات. دایکی جەرگی سووتا، بەڵام سەربەرز بوو، (سامان) جێی سەرفەرازی خێزانەکەی بوو. بەڵام خوشکەکەی کە لە زینداندا بەرگەی گرت و وەک خەباتکارێکی راستەقینە رووبەرووی دوژمن بوویەوە، بە هۆی سکپڕکردنییەوە لە لایەن دڕندەکانی رژێمەوە، بووە هۆی سەرشۆڕیی خێزان و بنەماڵە و شار و میللەتێک! چونکە ئەو وەک برایەکەی شەهید نەبوو، ئیدی هیچ پاکی ناکاتەوە، بۆیە دەبێت کۆتایی بە ژیان بهێنێت، تا لە چاو و تێگەیشتن و زانینی خەڵکدا هەر وەک شۆڕشگێڕ و زیندانییەکی خەباتگێڕ بمێنێتەوە!

جەستە و شۆڕش

فەیلەسووف و نووسەری فڕەنسی (سارتەر) لە شانۆیی (مردووە بێ کفن و دفنەکان)دا باسی بابەتی زۆریی جەستەیی و ددانپێدانان و زمانلێدان لەسەر یار و هاوڕێیانی شۆڕش دەکات، لەڕێی دەستدرێژیکردنە سەر کۆمەڵە خەباتکارێک، کە زیندانی کراون، تا شوێنی سەرکردەکەیان ئاشکرا بکەن، لەنێویاندا کچێکیش هەیە، توندوتیژی و لێدان و دوایيش لاقەکردنی لەگەڵ بەکاردێنن. کچە خۆگر دەبێت و مل بۆ داواکەی ئەوان نادات، جەستەی بەرگەی ئەو شکۆ شکان و ئەزییەت و هێدمە ڕووحی و دەروونییە دەگرێت و ناهێڵێت دوژمنەکان دەستیان بگاتە ئەو شوێنەی کە عیشق و سەرفەرازی و شانازیی کچەی تێدایە، ئەو ناوچە نەبیندراوەی لە جەستەی هەر کچێک یان کوڕێکی شۆڕشگێڕدا هەیە و دوژمن دەیەوێت بیگاتێ، دەبێتە دووسەری هاوکێشەیەکی ئالۆز لە نێوان شۆڕش و جەستەدا.

کاراکتەری ئەم ڕۆمانە، جەستەی کە دەبێتە قوربانی، نە شۆڕش و نە کۆمەڵ و هەتا خۆیشی ناتوانێت ئەو هێدمەیە قبووڵ بکات و وەک کەسێکی شۆڕشگێڕی سەربەرز و خاوەن شکۆیەکی مرۆیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بەردەوامی بە ژیانێکی کامەران و شەرافتمەندانە بدات. بۆیە دوای منداڵبوونەکەی، خۆی دەکوژێت!

تێگەیشتنی کۆمەڵ و شۆڕش لە جەستەدا، تەنیا لە ڕووە ماددییەکەی قەتیس ماوەتەوە و نەیتوانیوە هەرێمە نادیار و ڕووحییەکانی جەستە ببینێت و دڕکیان پێ بکات، ئەگەر کۆمەڵ یا شۆڕش ئەو هەرێمە ئاسێ و پەنهان و خەزێنەی جوانی و عیشق و هەق و راستی مرۆڤ ببینێت، نە خۆی و نە کۆمەڵ و نە دوژمنیش ئاوا بێباکانە، دەستی ناچێتە ئەو جەستەیە تا تەفروتوونای بکات.

کێشەیەکی گەورەی مرۆڤ بە گشتی لەبارەی جەستەوە ئەمەیە کە تا ئێستا لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا و شۆڕشە شکستخواردووەکانیدا، نەیانتوانیوە پێوەندی نێوان ئیرادە و پاکی، جەستە و موقەدەسی بدۆزنەوە. بە شێوەیەک کە جەستە هەڵگری شکۆی مرۆڤ و ئەو بارە دەروونی و ڕووحی و مەعریفی و ئەقڵی و هزرییەیە، کە لەنێو بازنەی (هەق و ڕاستیدا) پەیدا دەبێت و پێ دەگات و بەم هەق و راستییە، چاک و ناچاک لەیەکدی جیا دەکاتەوە.

کەمن ئەوانەی لەبەرانبەر جەستەدا، هاوکێشەکانیان لێ تێکەڵ نابێت، کەمن ئەوانەی بەرگەی ئازار و ئەزییەتە ڕووحییەکانی جەستە دەگرن، کەمیشن ئەوانەی دەتوانن هەرێمی (هەق) لە نێو خۆیاندا بپارێزن. جا ئەگەر کەسێک یان کۆمەڵێک یان شۆڕشێک نەتوانێت جەستەی ڕۆڵەکانی خۆی، کچەکانی خۆی بپارێزێت و وەک هەرێمێکی موقەدەس پێناسەیان نەکات، ئەوا دەبێت چاولەڕێی ئەو خۆکوشتنە بین، کە خاتوونە پاکەکانی شۆڕش، بە ناچاری پێش ئەوەی دوژمن پیسیان بکات، ماڵ و خێزان و کۆمەڵ و نیشتمان پیسی کردن!

ناو و چەمکەکان

ڤینۆس فایەقی ڕۆماننووس، لەگەڵ ئەم بابەتە کە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، دەمانباتە نێو کۆمەڵێ ناو و چەمکەوە، کە لەفەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا، لەسەردەمی داگیرکاری رژێمی (بەعس)دا و تا ئێستاش هێز و وزەیەکی گەورەی ئەخلاقییان تێدایە و لە ڕێی کۆمەڵێ کەناڵی جیاوازەوە دەڕژێنە نێو ژیان و ئەزموونی جیهانی هەر یەکێک لە ئێمەدا، کە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا ئەو ئەزموونە بەش دەکەین. ئەم چەمکانە بەردەوام ئاسۆیەکی ئەخلاقی لە ئێمە دەکەنەوە، یان ئێمە دەخاتە نێو ئەو کەشەی ئەو ئاسۆ ئەخلاقییە وەک جیهانێک پەیدا دەبێت و ئێمەیش لە نێو ئەو جیهانە ئەخلاقییەدا، بە دەلالەتەکانییەوە ئەزموونی ژیان و زیندووبوونی خۆمان دەکەین، چەمکەکانی وەک (کوردبوون و کوردایەتی، ژنبوون و شۆڕشگێڕیی، شکۆ، شەرەفی ژن، وڵات و خێزان، شەهیدبوون لە پێناو خاک و مرۆڤ و سەربەرزیدا، مردن و سەرشۆڕی بەهۆی خەباتی شۆڕشگێڕییەوەو هتد...) هەمیشە ئێمە و منداڵ و وەچە و نەوەکانمان دەخەنە بەردەم جۆرە ژیانێکی پێشوەختە بڕیار لەسەردراو و سنووردار بە جووڵە و خەباتی نێر و مێ لەنێو ئەم سنوورەدا.

ناو و چەمکەکان، لە نێو فەرهەنگی شۆڕش لە باشووردا، نەبوونە ئاسۆی مەدلوولاتێکی ئەخلاقی بۆ دەلالەتی نوێ، بۆ ژیانێکی نوێ و کۆمەڵێکی نوێ. هێزێکی نەدایە ئەقڵ و ڕووح و دەروونمان کۆتەکانی ئەم چەمکانە بشکێنێت و ناو و چەمکەکان بکاتە هێما بۆ ژیانێکی مرۆڤانەتر.

شۆڕش نەیتوانی ئەو سزا کۆمەڵایەتییانە ڕەت بکاتەوە، کە ناو و چەمکەکان بێ تاوان دەیداتە ئەندامەکانی، تەنانەت نەیتوانی ئەو سزایانە لەسەر نەوەی دووەمی ئەم قوربانییانەش کاڵ بکاتەوە!

عیشق و شۆڕش

نەوەی دووەمی ئەم قوربانییانە، لە هاوکێشەی شۆڕش و عیشقدا، وەک ئەستێرە و زەوی لەیەکدی دوور دەکەونەوە! ئەوەی ئەزموونی ژیان پێکدەهێنێت، سۆز نییە، بەڵکو بەدبەختییەکە کە وزەی بەختەوەریی تێدا نییە. تەمەنی ئەزموونی جیهان لە نێوان عاشق و مەعشووقێکدا، (ئەستێرە و شۆڕش) بە نموونەی ئەم ڕۆمانە. ئەوەندە کورتە کە بەشی خۆیشی ناکات.

کە مرۆڤ نەتوانێت خۆی قەدەر و ژیان و جیهان و ئازارەکانیشی هەڵبژێرێت، کە مرۆڤ (دایک و باوک)، مێژوویەکی دیار و ئاشکرای نەبێت، خاوەن ڕاستییەک نەبێت، ڕیشەکانی خۆی لێ پەنهان بێت، وەک بێسەرو شوێنێک، فڕێدراو و بەخشراو، لە کونجی کۆڵانێکی ئەم جیهانە کەوتبێت، چۆن و لەگەڵ کێ ئەزموونی ئەم جیهانە بکات؟!

بە چ عیشقێکەوە، ژیان و جیهان و زیندووبوون بکاتە شۆڕشێک، کە واتایەک بە ماڵ و نیشتمان و جیهان بدات؟ بە چ شۆڕشێک خۆبەندیی خاک و نەتەوە وئەسڵی خۆی دەبێت؟ چ شتێک دەتوانێت شوناس و ناسنامەیەکی بداتێ؟ شۆڕشێک کە نەتوانێت (یادەوەری)ی مرۆڤێک لە نێو جەرگەی خۆیدا بپارێزێت و نەبێتە (درۆ)یەک چی پێ دەکرێت؟ کە شۆڕشێک نەتوانێت ڕێگر بێت لەوەی (دایک)ێک، پارچەیەک لە جەستەی خۆی ببڕێتەوە و لەسەر ڕێگەیەکدا بە یەکەمین ڕێبواری بدات؟ شۆڕشێک کە نەتوانێت عیشقێک لە دلڕەقیی ژیان بپارێزێت، کە نەتوانێت عاشقەکان لە بڕیاری قورس و هەڵاهەڵابوون ڕزگار بکات، چی پێ دەکرێت؟

موزیک

لەم ڕۆمانەدا، شۆڕش هیچی پێ ناکرێت، ئەوەی دەسەڵاتێکی جوان و چاکی هەبێت، ئەوەی توانا و هێزێک بەبەر مرۆڤدا بکاتەوە، ئاهێک بەبەر ئەم بوونەدا دەکاتەوە، هونەرە.

هونەری موزیک تەنیا زانین و ژەنینی ئاوازەکان نییە، بەڵکو دەبێتە دۆزینەوەی جیهانی خەونبینین و ژیانێکی تازە، بوونە هاوڵاتی هەسارەیەکی نوێ، لەدایکبوونێکی ڕاستەقینە، بوون بە دایک و بە منداڵ و موزیکژەن و هونەرمەند و داهێنەر، دۆزینەوەی نیشتمانێکی نوێ بۆ مرۆڤێکی بێ ڕەگوڕیشە، کە دەتوانێت کەسێک بە ئەقڵ و ڕووحەوە هەڵبژێرێت. وەک کاراکتەری ڕۆمانەکە "نزا" دەڵێت:

(موزیک وەک عەشق وایە، تووشی دەبین و لێی چاک نابینەوە).

عگەڕانەوە بۆ موزیک بە هەموو دەرکەوتەکانییەوە، چ لە ئامێری (چەلۆ) بێت، یا جریوەی چۆلەکەکان، دەنگی ئاژەڵ و ڕەشەبا و باران و کەوتنەخوارەوەی شاخە سەهۆڵییەکان و توانەوەی بەفر و زۆر شتی دەوروبەرمان، دەبێتە تەواوی ژیان.
ئەو هێزەی ڕۆماننووس دەیداتە هونەر و بەتایبەتی موزیک، تاکە هێزە لەبەرابەر ئەو (هیچیی- عەدەم)ەی ژیان و جیهانی گەمارۆداوە. "نیتشە"یانە هێزی مۆزیک بەم هەستە دادەنێت کە دەتوانێت دۆخێک دروست بکات تێیدا مرۆڤ هەست بە خود و جیهان بکات. ئەزموونی موزیک، ئەزموونی مرۆییە لە نێو جیهاندا، تەنیا ئەزموونی کەسێک نییە، بەڵکو ئەزموونی گشتە لەنێو جیهاندا پێکەوە، بۆیە موزیک لە هەستی تەنیایی وئازاری مرۆڤ کەم دەکاتەوە، بە شێوازێک وا دەکات بالا بکەین و بە سەرووی ئازارەکانی مرۆییما بگەین.
ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکی خەمناک و خەمبارە، بەڵام خەمێک کە دەمانباتەوە نێو ئەو مرۆڤە هەقانییەی لە نێو جەستەی ئێمەدا، یان بێدەنگ کراوە، یان گێژ بووە و ئاگای لەخۆی نییە، یان مەستی ئەو جیهانەیە کە دوای ئازادی و درووشمەکانی راپەڕین دای بە ماددەی جیهانی نوێی پارە و دەستەڵات و زاڵبووندا. ئەو مرۆڤەی کە ئەگەر بە پێداگیرییەوە باسی بکەین، ئەوا جیهانی دەرەوە و شۆڕشی دوێنێ و زاڵبوونی ئەمڕۆ تاوانی (زۆڵبوون)مان دەداتێ. ئەو دەنگەی پێمان دەڵێت: (تۆ زۆڵیت، زۆڵ) دەنگی ئەو ماشێنە گەورەیەی شۆڕشە، کە لەنێو جیهانی زاڵبوون و هێزدا توایەوە.
کۆمەڵێ کاراکتەر و کەسێتی نێو ئەم ڕۆمانە، پەردە لەسەر چەندین لایەنی نادیاری شۆڕش و دەزگەیەکی داپلۆسێنەر و مرۆڤگەلێکی قوربانی و جەلاد هەڵدەدەنەوە، هەر پەردە هەڵدانەوەیەک، پەردەیەکی ترە! بۆیە خوێنەر دەتوانێت لەگەڵ کاراکتەر و ڕووداوەکان، چەندین پنتی جیاواز درک پێ بکات و لەگەڵ خوێندنەوەیدا هەست بە وردەکاریی ئازار و ئێش و ئەشکەنجەکانی کۆمەڵێ مرۆڤ بکات.
دەستخۆشی بۆ نووسەر (ڤینۆس فایەق) کە ڕۆمانەکەی منی لەنێو خەمێکی قووڵدا گیرکرد، بەڵام لە جوانی و هونەریی گێڕانەوەکەیدا دڵخۆشی کردم. ئەم ڕۆمانەشمان لێ پیرۆز بێت!



دامەزراوەی ستراتیژی نیشتمان
@nishtmansi
nishtmansi.com